چاکترین وکاملّترین باوەڕدار لە ئیماندا ئەوەیانە کە جوانترین ڕەوشتی هەیە، وچاکترینتان ئەوانەن کە باشترینن بۆ خێزانەکانیان

لە ئەبی هوڕەیڕەوە -ڕەزای خوای لێبێت- کە پێغەمبەری خودا -صلى الله عليه وسلم- دەفەرموێت: «چاکترین وکاملّترین باوەڕدار لە ئیماندا ئەوەیانە کە جوانترین ڕەوشتی هەیە، وچاکترینتان ئەوانەن کە باشترینن بۆ خێزانەکانیان».

[حەسەن - باش)] [(أبو داود والترمذي وأحمد) ڕیوایەتیان کردووە]

پێغەمبەر -صلى الله عليه وسلم- باسی ئەوەمان بۆ دەکات کە چاکترین وکاملّترین باوەڕدار لە ئیماندا ئەوەیە کە جوانترین ڕەوشتی هەیە، وچاکترینی نێو ئیمانداران ئەوانەن کە باشترینن بۆ خێزانەکانیان، وەکو هاوسەر وکچ وخوشک وکەسە نزیکەکان؛ چونکە ئەوانە شایستەترین کەسن بەڕەوشت جوانی بەرامبەریان.

http://www.sunnah.global/hadeeth/ku/show/5792